نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان بەرزبوونەوەیەکی کەمی تۆمارکرد

نرخی نەوت لە بازاڕەکانی جیهان گۆڕانکاریییان بەسەرداهاتوە و بەراورد بە ڕۆژی رابردو هەریەکە لە نەوتی خاوی برەنت و تەکساسی ئەمریکی نرخەکەیان بەرزبونەوەی تۆمارکردوە.

ئەمە هەینی لە بازاڕەکانی جیهان، نرخی بەرمیلێک نەوتی خاوی برەنت بە (73) دۆلار و (66) سەنتەوە مامەڵەی پێوەدەکرات، بەراورد بە ڕۆژی رابردو نرخەکەی 91 سەنت بەرزبوتەوە .

جیا لە نەوتی برەنت، نرخی یەک بەرمیل نەوتی تەکساسی ئەمریکیش بە (70) دۆلار و (4) سەنت مامەڵەی پێوەدەکرات، بەراورد بە دوێنێ نرخەکەی یەک دۆلار و 64 سەنت بەرزبوتەوە.